# دەسەڵاتی پارتی و فەخرەدین تاهیرگەردی

ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە

کاتێک باوکم لە لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی باوکی مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی لە گوندە ژێکەلانەکەی فەرقانی نزیک بە شاری کەرکووک و لە پلەی موستەعیددا فەقێ بووە ، دەیفەرموو من و دوو موستەعیدی دیکە لە خزمەتی مامۆستای پایەبەرزدا زانستی مەنتیق ( المنطق )مان دەخوێند ، کە زانستێکە مرۆ فێری ئەوە دەکات کە ئەگەر کێشە و تەنگوچەڵەمەیەک لە هەر لە بوارەکانی ژیاندا هاتە پێش ، چۆن دەبێ هزر و عەقڵ و هۆش و بیر بخرێتە کار بۆ دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش و چارەسەرێکی دادوەرییانەی ئەوتۆ کە نە شیشی تێدا بسووتێ و نە کەباب ، چونکوو زمانێک ئەگەر بە حەقیانەت بدوێ و گوێیەکیش ئەگەر بە حەق گوهداری بکات و عەقڵیشی لەگەڵدا بخرێتە کار ، هەموو کێشە و ناکۆکی و گرفتێک ، دوور لە بەکارهێنانی زەبروزەنگی دەسەلات و توندڕەوی و توندوتیژیەوە دێتە چارەسەرکردن .

رۆژێکیان لە نێو حەوشەی مزگەوت و لە کاتی دەرسوتنەوەدا ، دوو مێردمناڵ بەشەڕ دێن ، فەقێیەکیان هەڵدەستێ و لەبری ئەوەی لێکیان جیا بکاتەوە ، بەردەبێتە وێزەی هەردوکیان ، مامۆستا پێی دەڵێ توو خودا ئەوە مەنتیقە تۆ لەگەڵ ئەو منداڵانەدا بەکاری دەهێنی ، فەقێ لە وەڵامدا دەڵێ : مامۆستا ئەمە عەینی مەنتیقە و ئەمانە تەنیا لە زمانی ئەم جۆرە مەنتیقە تێدەگەن . مامۆستا دەفەرموێ کەواتە دەبێ تۆش سەرلەنوێ و لە یەکەم وانەی مەنتیقەوە دەسپێبکەیتەوە ، چونکوو وەکوو دەرکەوت تاوەکوو ئێستا بەقەد تۆزقاڵێک سوودت لە خوێندنی خولی ئەو سێ مانگەی مەنتیق وەرنەگرتووە .

ئێوە بڕواننە ئەو رەفتارە نامرۆڤانەی کە لێپرسراوانی پارتی لەگەڵ کەسێکی بێ زیان و دڵپاک و لەخۆبوردووی وەکوو بەڕێز کاک فەخرەددین گەردیدا ئەنجامیان داوە ، ئەگەر ئەو دەسەلاتدارانەی نێو پارتی بەقەد باڵی مێشوولەیەک لە زانستی مەنتیق تێ گەیشتبان ، ئەوەیان دەدرکاند کە بەو کارەیان نەک هەر نەیانتوانیوە سووکایەتی بە ئاغای گەردی بکەن بەڵکوو سووکایەتییان بە خودی خۆیان کردووە ، چونکوو کەسێک ئەگەر رێز لە مرۆیەکی وەکوو خۆی نەگرێ ، واتە لە هەموو رێزێکی مرۆپەروەرییەوە بە دوورە . لەو هەموو جاش و کۆنە بەعسی و ئەنفالچی و خاوەن فایلی پڕ شەرمەزاریی نێو پارتیدا کە لەبەر زۆری لە ژماردن نایەن ، کەستان نەدۆزییەوە دەسەلاتی پارتیی بە سەردا تاقی بکەنەوە ، جگە لە کوردپەروەرێکی بێ زیان و بێ زەواڵ و کلۆلێکی وەکوو بەڕێز فەخرەدین گەردی نەبێت ، کە لە ولاتێکی تژیی ئازادی و مرۆڤپەروەریی وەکوو سویدەوە هاتووە و لە کانگای دڵەوە دەیەوێ هەر خزمەتێکی پێی ئەنجام بدرێ ، بە هاوشاری و هاوولاتیی میللەت و نەتەوەکەی خۆی بگەیەنێ ؟ هەر بۆ چاوبەست و پروپاگەندەی حیزبایەتیش بوایە ، دەبوا پارتی بە باشترین شێوە پاداشتی بدایەتەوە و رێزی لێ بگرتایە و خەڵاتی بکردایە ، بۆ ئەوەی ببوایە بە هاندەرێک و چاولێکەریی کوردانی دیکەی هەندەران ، نەک بەو شێوە ناشارستانییەتە سووکایەتیی پێ بکرێت و ناچار بکرێت کە هانا بۆ رۆشنبیرانی دەرەوە ببات و داوای کۆمەک و پشتگیری کردنیان لێ بکات ! کە خۆی لە خۆیدا سووکایەتی کردنێکە بە هەموو دابونەریت و رەوشتێکی نێو کۆمەڵگای کوردەواری . تۆ بزانە دەوڵەتی ئیسرائیل لە چی کۆششێکدایە و بە چەندها پارە و پوول خەرج دەکات بۆ گەڕانەوەی جوولەکە هاوولاتییەکانی خۆی بۆ ناوەوەی ولات ، ئێوە بە فەلەستینییەکانیش نەبوون ، بزانن لە چ جۆرە پێکدادان و قوربانیدان و ململانێیەکدان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکا و هەموو ئەورووپا و جیهاندا لە پێناو گەڕانەوەی فەلەستینییەکانی دەرەوەی ولات بۆ سەر خاکی ئیسرائیل . ئا بەم شێوە دەتانەوێ خاکی باوباپیران و زێد و نیشتیمان و ولات لە بەر چاو و لە نێو دڵی ولاتپارێزاندا خۆشەویست بکەن و هەر یەکە و لەلای خۆیەوە ، خۆی بە زیرەڤان و ئاسایش و پاسەوان و سەرباز و پێشمەرگەی کوردستان بزانێت و بەرەنگاری ترۆریست و ئۆتۆمبیلی بەمین رێژکرا و ئیرهابییەکانی پەنجا و دوو دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی ببێتەوە ؟ کە هەر یەکەیان ئاو لە کەللەی سەری کورددا دەخۆنەوە .

کەسایەتییەکی ناودار و ولاتپارێزێکی رەسەن و سیاسەتمەدارێکی هێمن و هێوری وەکوو شەهیدی مەزنی کورد دکتۆر شێخ محەمەد مەعشووق خەزنەوی ، کە بە ڕاستی سومبولی رزگاری و هیوای پاشەڕۆژی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سووریا

بوو ، ئەگەر لە داخی ئەو بارودۆخە لەبارە نەبوایە کە ئێستا بۆ ئێمەی کورد لە کوردستانی باشووردا ڕەخساوە ، ئایا لەژێر باری ئەشکەنجەدانی ڕژێمی دوڕندەی سووریای خوێنڕێژی بەرەبابی سەددامدا ، خۆی دەکردە قوربانی ئێمە و گیانی پیرۆزی بەو شێوە لە دەست دەدا ؟ کوانێ هەڵویستی ئەو فسفسپاڵەوانانەی لافی بیری نەتەوایەتی ، بە قسەی بێ کردەوەی زڕی بێبەر و سەیروسەمەر ، لەژێر دەسەلاتی پارتی و یەکێتیدا لێدەدەن و تا ئێستا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی ، چەند جار جاڕی خۆپیشاندانیان لە کوردستانی بە ناو ئازادکراودا داوە ؟ کوانێ هەڵوێستی ئەو سومبولەی کە خۆی بە پێشەوای هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەزانێ و تا ئێستا چەند خۆپیشاندانی دژی ئەو کارە نامرۆڤانەی سووریا لەژێر دەسەلاتەکەی خۆیدا بەرپا کردووە ؟ کە لەسەر کێشەی سەرۆکایەتی ، چوار مانگ پەرلەمانی کوردستان و چوار ساڵ کێشەی کەرکووک و کوردی دوا خست ! بەڕێزتان ئەگەر ڕۆڵێکی ئەرێنیتان لەسەر شەهیدکردنی زانا و کەسایەتییەکی ناوداری وەکوو مەعشووق تەنانەت لەژێر دەسەلاتی حیزبەکەی خۆتیشدا بۆ نەنرێ ، ئەی نازانی هەڵگرتنی بەردی زلی پڕوپاگەندەی ناوی زل و دێی وێران نیشانەی نەوەشاندنە ؟

ستۆکهۆڵم _ سوید _ **2005 – 06 – 03** .

Rahman_256@hotmail.com